# بانگەواز بۆ پشتیوانی کردن لە خاتوو مەهاباد قەرەداغی!

**چەند مەلای شاری هەولێر[1] ئەوە بۆ جاری دووەمە هێرش دەکەنە سەر قەڵەمی ژنێکی نووسەر بۆ دەمکوتکردن و چاوترساندنی. هێرش بۆ سەر قەڵەمی مهاباد قەرەداغی بەمانای هێرش کردنە بۆسەر تێکۆشەران و یەکسانیخوازانی گەلەکەمان. بێدەنگ بوون و وەڵام نەدانەوە بە نوێنەرانی دواکەوتوویی و نەزانی بە مانای ڕێگەدانە بە هەڵویستی دژی دیموکراتیک و پەرەسەندنی بزوتنەوەی دژی یەکسانیخوازی.**
**هەوڵدان بۆ بێدەنگکردنی قەڵەمی مەهاباد قەرەداغی، قەڵەمێک کە بۆ لە قاودانی نابەرابەری و زۆڵم و زۆری لەڕادەبەدەری دواکەوتویی و نەزانی و، لە پێناوی دابین کردنی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و مەدەنی و یەکسان خەبات دەکات، هەوڵە بۆ پایەدارڕاگرتن و بەردەوامی سیستەمی کۆیلەداری لە ناو کۆمەڵی کوردەواری دا. هەر بۆیە پێویستیی سەر شانی هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتووخواز و یەکسانیخواز ونیشتیمان پەروەرە کە زۆر لێبڕاوانە و بۆێرانە لەهەمبەر نوێنەرانی دواکەوتوویی و بلیندگۆکانیان هەڵوێست بگرێت و، ڕێگا نەدات لە کاتێکدا کە تیشکی هەتاوی ئازادی شەوەزەنگی وڵاتەکەمانی ڕوون کردۆتەوە، چڵکەهەوری دواکەوتوویی بەری ئەو تیشکە بگرێت کە بەسەدان هەزار تێکۆشەری ژن و پیاوی وڵاتەکەمان کوردستان گیانی پاکیان لە پێناوی دا بەخت کردوە.**

**بە هیوای بەرزکردنەوەی دەنگی ئازادیخوازانەتان!**

**لەگەڵ ڕێز و حورمەت**
**شنە هیدایەتی و سەلیم بابان**
**سوید** 17-12-2003

[1] چەند مەلای هەولێر لە سۆنگەی هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی مەهاباد قەرەداغی بۆ شیعرێکی حەمەسەعید حەسەن ، کە لە ژمارە 456 ی هەفتەنامەی گوڵاندا بڵاوکراوەتەوە، لە مزگەوتەکانیانەوە هێرشیان کردۆتە سەر ئەم ژنە نووسەرە و، هەفتەنامەی گوڵانیان ناچار کردووە پۆزشیان بۆ بهێنێتەوە. بڕوانە پۆزشەکەی هەفتەنامەی گوڵانی ژمارە 462 کە لە دوالاپەڕەیدا بڵاوی کردۆتەوە.